# خۆپیشاندانی قبووڵنەکردنی غەدر

✍️ ئاراسی لالەحەمە

یەکترناسینەکەمان بە ڕێکەوت بوو، من بۆ بانگکردنی خاوەنی کتێبخانەکە هەر بە زاراوەی خۆیان وشەی (پس مام)م بەکارهێنا، ئەو خانەخوێیانەی کە لەوێ بوون، پرسیاریان کرد: ئەمانە خەڵکی کوێن؟

هاوڕێیەکەم وەڵامی دانەوە: خەڵکی سەیدسادقین، سەیدسادق و شارەزوور.

کاك سەیدسادقییەکان ئەو هەموو خۆپیشاندانە چییە دەیکەن؟ یەکێکیان ئەم پرسیارەی کرد.



خراپ دەکەین یان باش؟ ئەگەر غەدرلێکردن قبووڵ نەکەین، خراپ دەکەین یان باش؟ من لەبریی وەڵامدانەوە پرسیارم لێ کردن.

ئەو پیاوەی کە لە هەموویان بەتەمەنتر بوو، ڕووی لە ئێمە کرد، بە سۆرانییەکی پاك قسەی کرد "یاخوا بەخێربێن سەر سەر و سەر چاو. ئیشێکی زۆر باش دەکەن، زۆر باش، شاری زیندوو دەبێت وابێت. من تێکەڵاوی خەڵی شارەزوورم کردووە، بەڕاستی خەڵکێکی ئازا و گەرمن، ئەمانە هەر وابوون، بڕۆن مێژوو بخوێننەوە، ئەوان زوڵم و زۆریان قبووڵ نەکردووە، وەڵا ئافەرین، دەستان خۆش بێت کە ناهێڵن شارەکەتان پەراوێز بخرێت...).

پیاوە بە تەمەنەکە قسەی زیاتری کرد، بە جۆرێك ئاگاداری سەیدساق و شارەزوور بوو، وەك ئەوەی خۆی تێیدابژی... دەمەتەقێ دروست بوو، وەك ئەوەی دەمێکە یەکتر بناسین. لە باسی سەیدساق و خۆپیشاندانەوە بۆ باسی سیاسەتە بێتامەکە، دواتریش قسەکردن دەربارەی ئەدەب و شیعر. من باسی خانیم کرد، باسی مەزنیی ئەو بیرمەندە زووڵم لێکراوە، پیاوە بەتەمەنەکە وتی " ئەی بۆ باسی مەلا خدر ناکەیت؟ کاکە ئێوە لە ئەدەبشدا خاوەنی ڕاپەڕینن، نالی گەورەترین ڕاپەڕینی بەرپا کرد لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، دەزانن لە ڕووە نەتەوەییەکەیەوە خانی و نالی زۆر گەورەن؟! بە زمانی کوردی شاکاریان خوڵقاند، بەڕاستی وەڵامدەرەوە بوون.

پیاوە بادینییەکان قسەکانیان تازە نەبوون، دەربارەی سەیدساق و شارەزوور، بەڵام ئەوانیش وەك خەڵکی ناوچەکانی تر هەر لە سەرەتاوە  کە ناوی سەیدسادق هات، پرسیاری خۆپیشاندانیان کرد، خۆپیشاندان ئەو چالاکییە مەدەنییەیەی کە ئێستا لەگەڵ ناوی سەیدسادقدا بە بیری خەڵکدا دێت.

له (٢/ ١/ ٢٠١٤) خەڵكی سەیدساق خرۆشان و خۆپیشاندانیان كرد، خۆپیشاندانێك جیاواز لەوانی تر. خۆپیشاندانی سەیدسادق بۆ داواكردنی پێداویستی نەبوو، بەڵكوو بۆ قبووڵنەكردنی غەدر لێكردن بوو. ئەو گەنجانەی كە بە دڵێكی گەرم و خەمی شارەكەیانەوە هاتنە سەرجادە و هاواریان دەكرد، بۆ ڕەتكردنەوەی ئەو غەدرە بوو كە بەردەوام لەم شارە دەكرێت. لافیتەكەی دەستی بڕیار و هاوڕێكانی، پرسیاركردن بوو لەو غەدرە (كوا زانكۆ و پەیمانگاكەمان......؟!!!!) داواكاری بەشێوەی پرسیار، گوزارشتكردنە لە غەدركردن. لافیتەكەی بڕیار و هاوڕێكانی، نمایشی ئەوەی نەدەكرد كە پێویستە زانكۆ و پەیمانگامان بۆ بكرێتەوە، نمایشی ئەوەی دەكرد بۆ غەدرمان لێدەكەن، بۆ زانكۆ و پەیمانگامان بۆ ناكەنەوە؟ بۆ شارەكەمان پەراوێز دەخەن؟ بۆ خەونەكانمان دەكوژن؟ بۆ ناهێڵن لانیكەم وەك شارە بەدبەختەكانی تریش بین؟

خۆپیشاندانی سەیدسادق قبووڵنەكردنی غەدرلێكردن بوو، سروشتی ئینسان وایە لە غەدر لێكردندا دەگەڕێتەوە بۆ خۆی، خەڵكی سەیدسادق گەڕانەوە بۆ ناو خۆیان، غەدر لێكردن كۆیكردنەوە و هەستی خۆشویستنی شاری گەشە پێ كرد.

خەمی هاوبەش، خەڵكی سەیدسادقی كۆكردەوە، نەك خۆشیی هاوبەش. ئەو پەیوەندییە بەهێزەی كە لە خەمی هاوبەشدا هەیە، لە شتەكانی تردا نییە. خەمخواردنی ئەو ناوچەیەیەی كە ئێمەی تێدا دەژین، ناوچەگەرێتی نییە، ناوچەگەریی جیاوازە لە خەمخواردنی ئەو شوێنەی كە تێیدا دەژین. مرۆڤ ئەگەر خەمی شار و وڵاتەكەی نەخوات، یان دەبێتە خۆپەرست، یان دەبێتە بێگانەپەرست. ئەوانەی لەسەر شەقامەكان هاواریان دەكرد، هیچی خەمی شەخسیی خۆیان نەبوو، دژایەتیی هیچ شارێكی دیكەیان نەدەكرد، تەنها خەمی شارەكەیان بوو، خەمی شارێكی غەدر لێ كراوە.